# بەهەشت

# و

# خۆشیەکانی


نوسینی

الشيخ: إبراهيم بن عبد الله المزروعي

**وەرگێڕانی**

**پشتیوان حسن کرم**


============================================================


**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

**ba8.org**

**walamakan.com**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام علي خاتم النبيين وعلي آله وصحبه أجمعين ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لاشريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله ، وبعد:-

## پێشەکی:

گومانی تێدا نییە کە هەموو کەسێك مەبەست وئامانجێکی هەیە، و ئەو ئامانجەش ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئاراستە دەکات و ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەریان، وە لەمەشدا جیاوازی نییە لەنێوان زانا و نەزان و باوەڕدار و بێ باوەڕ و خواناس و خراپەکاردا، چونکە هەموویان ئامانجیان هەیە و بەدوای پێ گەیشتنی و بەدی هێنانیدا ماندوون.

جا ئەو ئامانجە چی یە بۆ کەسی موسڵمانی ڕاساڵ لە ئیسلامەتیەکەیدا؟ مەبەستی چییە؟

وەڵامیش بریتیە لە: مەبەست وئامانجەکە بریتیە لە بەهەشت و هیچی تر، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ) آل عمران (١٣٣) واتە: وە دەستپێشخەری بکەن بە گوێڕایەڵی کردنی خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی ﷺ بۆ بەدەستکەوتنی لێخۆشبوونێکی گەورە لە پەروەردگارتانەوە و بەهەشتێکی فراوانیش ئەو بەهەشتەی کە پانتاییەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەویە ، و خوای پەروەردگار ئامادەیکردوە بۆ بەندە پارێزکارانی .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵانی ڕاهێناوە و پەروەردەی کردوون لەسەر ئەوەی کە بەهەشت بکەن بەتاکە ئامانج و مەبەستیان:

ئەوەتا جارێکیان بەلای خێزانی یاسر دا تێدەپەڕێت کە لەوکاتەدا سزا دەدران وپێیان دەفەرموێت: ( صبرا آل ياسر فإن موعدكم الجنة ) واتە: ئەی خێزانی یاسر خۆڕاگر بن و ئارامتان هەبێت چونکە بەڕاستی بەڵێنتان بە بەهەشت پێ دراوە.

وە هەروەها دیسانەوە دەیفەرموو: ( آلا إن سلعة الله غالية ، ألا إن سلعة الله الجنة )( الصحيحة رقم (٩٥٤)).

واتە: بەڕاستی کاڵای خوا گرانبەهایە، وە بزانن کە کاڵای خوا بریتیە لە بەهەشت.

وە لە غەزای بەدردا بە هاوەڵانی فەرموو: (قوموا إلى جنة عرضها السموات والأرض ).

واتە: هەستن بەرەو پیری بەهەشتێکەوە کە پانتاییەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەویە.

وە هەروەها یەکێك لە دوعاکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بریتیە بووە لەوەی کە دەیفەرموو: (اللهم إني أسالك الجنة وما قرب إليها من قول وعمل ). واتە: پەروەردگارا من داوای بەهەشتت لێ دەکەم و ئەو گوفتار و کردارەش کە نزیکم دەکاتەوە لە بەهەشت.

وە ئومەت دەزانێت کە هەر کەسێك بەهەشت بکاتە ئامانجی ئەوا خوای گەورە دڵ و ناخی پڕ دەکات لە دەوڵەمەندی و دونیاش بە ملکەچی وزەلیلیەوە دێتە بەردەستی، وەکو لە فەرموودەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

(من كانت الآخرة همه جعل الله غناه في قلبه وجمع له شمله ، وأتته الدنيا وهي راغمة ، ومن كانت الدنيا همه جعل الله فقره بين عينيه ، وفرق عليه شمله ، ولم يأته من الدنيا إلا ما قدر له)( رواه الترمذي وهو في الصحيحة رقم (٩٤٩). ) .

واتە: ئەوەی هەموو غەم و هەمی دوارۆژ بێت ئەوا خوای گەورە دەوڵەمەندیەکەی دەخاتە نێو دڵیەوەو کارە پەرتەوازەکانی بۆ کۆ دەکاتەوە و دونیایشی بە ملکەچی وزەلیلیەوە دێتە بەردەست، وە ئەوەشی هەموو غەم و هەمی دونیا بێت ئەوا خوای گەورە هەژاری ونەداری دەخاتە نێو چاوانیەوە و کاروباری پەرتەوازە دەکات و دونیایشی بۆ نایەتە بەردەست ئەوەندە نەبێت کە بۆی نووسراوە.

وە هاوەڵان رەزای خوایان لێ بێت لەسەر ئەوە پەروەردە کرابوون کە تاکە ئامانج ومەبەستیان بەهەشت و گەیشتن بەبەهەشت بێت هەتا وایان لێ هاتبوو کە هی وایان هەبوو بۆنی بەهەشتی دەکرد و تامەزرۆی بوو وەکو بلێی بۆی دەفرێت ئاوەها بوو، وە لەژیانیاندا بەشێوەیەك دەژیان وەکو بلێی بە

ئەندامەکانیان هەستیان پێ دەکرد، بۆیە هەمیشە لەیادیان بوو وە تامەزۆیی بوون و کردبوویانە بیرکردنەوەی ڕۆژانەیان، بۆ نمونە ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕەبیعەی ئەسلەمی ﷺ دەفەرموێت: (سلني فقول : أسألك مرافقتك في الجنة ). واتە: داوام لێ بکە: ئەویش دەڵێت: داوای ئەوەت لێ دەکەم لەگەڵتدا بم لە بەهەشتدا.

وە ئەوە ئەنەسی کوڕی نەضرە ﷺ کە لەڕۆژی شەڕی ئوحود دا دەڵێت: ( يا سعد بن معاذ! الجنة ورب النضر ، إني أجد ريحها من دون أحد !) واتە: ئەی سەعدی کوڕی مەعاز ! ئەوە بەهەشتە سوێند بە پەروەدگاری نە ضر، من بۆنی بەهەشت دەکەم لە دامێنی ئوحوددا.

وە جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب ﷺ لە ڕۆژی جەنگی موئتەدا ووتی: ( يا حبذا الجنة واقترابها......طيبة وبارد شرابها ) واتە: خۆزگەم بە بەهەشت و لێ نزیك کەوتنەوەی خۆشی و خواردنەوەی ئاوە سارد و فێنکەکەی .

وە ئەوە عومەری کوڕی جەموحە ﷺ کە زۆر دەشەلی و لە ڕۆژی شەڕی ئوحود دا ووتی: ( إني لأرجو أن أستشهد فأطأ بعرجتي هذه في الجنة ) وقال له رسول الله ﷺ ( كأني أنظر إليك تمشي برجلك هذه صحيحة في الجنة(رواه أحمد بسند صحيح) واتە: ئومێد دەکەم شەهید بم و ئەم پێ شەلەم بخەمە ناو خاکی بەهەشت. پێغەمبەری خوایش ﷺ پێی فەرموو: تەماشات دەکەم کە لەبەهەشتدا بەو قاچەت ڕێ دەکەیت و ساغ وسەلامەتیت و شەلیت نییە.

پیاوچاکانی پێشو ئا بەم شێوەیە بوون و ئەوانەشی کەلەسەر هیدایەت و ڕێچکەی ئەوان دەڕۆن بەهەمان شێوە تامەزرۆی بەهەشتن وکاری بۆ دەکەن.

جا ئێستا دێینە سەر باسی ئەوەی ئاخۆ سیفەتی بەهەشت چۆنە و خەڵکەکەی کێن و خۆشیەکانی چییە؟

## بەهەشت وخەڵکەکەی:

بەهەشت ئەو پاداشتە گەورەیەیە کە خوای گەورە ساز و ئامادەی کردووە بۆ دۆست ونزیکەکانی خۆی و ئەوانەکەی کە گوێڕایەڵی بوون.

خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: (" أعددت لعبادي الصالحين ما لا عين رأت ، ولا أذن سمعت ، ولا خطر على قلب بشر ، فاقرءوا إن شئتم فلا تعلم نفس ما أخفي لهم من قرة أعين)( رواه البخاري رقم (٣٢٤٤)) واتە: شوێن وپاداشتێکم بۆ بەندە چاکەکانم ئامادەکردووە کە چاو نەیبینیوە و گوێ نەیبیستووە و بەدڵی هیچ مرۆڤێکیشدا نەهاتووە، ئەگەر ویستتان ئەو ئایەتە بخوێننەوە کە دەڵێت: فلا تعلم نفس ما أخفي لهم من قرة أعين) واتە: جا هەر بۆیە کەس نازانێت کە خوای پەروەردگار چی بۆ ئەو باوەڕداران ئامادەکردوە لەوەی کە چاوەکانی پێ گەشدەبێتەوە و دڵەکانیشی پێدەکرێنەوە و ئارام دەبن.

وە گەورەیی و مەزنی ئەو خۆشیە کاتێك زۆر دەردەکەوێت کە ئەگەر بەراوردی بکەیت بە خۆشی و توێشووی دونیا، بۆ نمونە:

لە بوخاری وموسلیمدا هاتووە لە سەهلی کوڕی سەعدەوە ﷺ کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ( موضع سوط في الجنة خير من الدنيا وما فيها ) واتە: شوێنی قامچییەك لە بەهەشت خێرترە لە دونیا وئەوەی تێیدایە.

هەر بۆیە چوونە بەهەشت و رزگار بوون لە ئاگر بریتیە لە سەرکەوتنی مەزن و بردنەوەی هەرەگەورە، خوای گەورە دەفەرموێت: (فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ) آل عمران (١٨٥)

واتە: جا هەرکەسێك کە خوای پەروەردگار ڕێزی لێنابێت و لە ئاگر ڕزگاری کردبێت و خستبییەتیە بەهەشتەوە ئەوا ئەوپەڕی ئەوەی بەدەستهێناوە کە داوای کردووە.

خوای گەورە دەفەرمویـت: ( ومن يطع الله ورسوله يدخله جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها وذلك الفوز العظيم ) النساء (١٣). واتە: وە هەرکەسێك گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی ﷺ بکا لەوەی بۆ بەندەکانی شەرعاندوویەتی لەم حوکمانە و جگە لەمانەش ، ئەوا دەیانخاتە بەهەشتگەلێك کە دار و درەخت ، و کۆشك و تەلار زۆری هەیە ، و ڕووبارەکان بە ئاوە سازگارەکەیانەوە بەژێریاندا دەڕۆن ، و ئەوانیش لەو ناز و نیعمەتە دەمێننەوە ، و لێی دەرناچن ، و بێگومان ئەو پاداشتەشە کە سەرفرازی گەورە و مەزنە .

جا کاتێك باوەڕداران دەڕۆنە نێو بەهەشتەوە فریشتەکان پێشوازیان لێ دەکەن و پیرۆزباییان لێ دەکەن بەوەی کە بەسەلامەتی گەیشتن لەپاش ئەو ناڕەحەتی و سەختیانەی کە بینیان و لە دونیا و لە کاتی وەستان لە ڕۆژی قیامەتدا، خوای گەورە دەفەرمویێت: (وَسِيقَ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ إِلَى الْجَنَّةِ زُمَرًا حَتَّى إِذَا جَاءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَامٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ) الزمر (٧٢).

واتە: وە تەقواکارانیش کۆمەڵ کۆمەڵ و پۆل پۆل بەڕێزەوە بەڕێدەکرێن بەرەو بەهەشت ، تاکو دەگەنە لای و شەفاعەتیان بۆ دەکرێت بۆ چوونە ژوورەوە و دەرگاکانی دەکرێنەوە ، جا لەو کاتەدا فریشتە بەرپرسەکانی بەهەشت بەخێرهاتنیان دەکەن و سڵاوی مژدەبەخش و دڵخۆشکەریان پێدەدەن ، لەبەر پاکێتیان لە شوێنەواری تاوان ، و پێیان دەڵێن : سەلامتان لێبێت ، پارێزراو بن لەهەموو ناخۆشی وبەڵایەك ، وە حاڵ وگوزەرانتان پڕ لەخۆشی بێت ، وە فەرموون بڕۆنە بەهەشتەوە و تێیدا بمێننەوە بەهەتاهەتایی .

وە لەپاش پێشوازی کردن هەریەکە و دەچێت بۆ ماڵ وشوێنی خۆی بەبێ ڕێپیشاندەر بەبەڵگەی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت: (والذي نفس محمد بيده لأحدهم أهدي بمنزله في الجنة بمنزله كان في الدنيا ) (رواه البخاري فتح (١١/٣٩٥)) واتە: سوێند بەو زاتەی کە نەفسی منی بەدەستە هەریەك لە ئێوە چاکتر ماڵەکەی خۆی دەناسێت لەبەهەشتدا لەوەی دەیناسێت لە دونیادا.

## یەکەم کۆمەڵ کە دەڕۆنە بەهەشتەوە سیفاتیان چۆنە؟

بوخاری لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (" أول زمرة تلج الجنة صورتهم على صورة القمر ليلة البدر ، لا يبصقون فيها ، ولا يمتخطون ، ولا يتغوطون ، آنيتهم فيها الذهب ، أمشاطهم من الذهب والفضة ، ومجامرهم الألوة ، ورشحهم المسك ، ولكل واحد منهم زوجتان ، يرى مخ سوقهما من وراء اللحم من الحسن ، لا اختلاف بينهم ولا تباغض ، قلوبهم قلب واحد ، يسبحون الله بكرة وعشيا ") (رواه مسلم والترمذي وغيرهما) .

واتە: یەکەم کۆمەڵە دە کەڕۆنە بەهەشتەوە شێوەیان لەسەر شێوەی مانگە لەشەوی چواردەدا، تف و چڵم و پیسایی تێدا ناکەن، و قاپەکانیان تێیدا لە زێـڕە، و شانەکانیان لە زێڕ و زیوە و بخوردانیان دار عودە و ئارەق کردنەوەیان بۆنی میسکە و بۆهەریەکەیان دوو حۆری هەیە کە لە جوانی وناسکیدا مۆخی ناو ئێسکی دەبینرێت، بەهەشتیەکان بە جۆرێکن کە هیچ ڕاجیاوازی و ناکۆکی وڕق وکینەیان لەنێواندا نییە و دڵیان یەك دڵە و بەیانیان وئێواران زیکر وتەسبیحاتی خـــوا دەکەن.

## ئەوانەی کە بەبێ حیساب ولێپرسینەوە دەرۆنە بەهەشتەوە، ژمارەیان چەندە و سیفاتیان چۆنە؟

پێشەوا بوخاری لە ابن عباسەوە گێڕاویەتیەوە کە دەڵێت: پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرموویەتی: ( " عرضت علي الأمم ، فجعل النبي والنبيان يمرون معهم الرهط ، والنبي ليس معه أحد ، حتى رفع لي سواد عظيم ، قلت : ما هذا ؟ أمتي هذه ؟ قيل : بل هذا موسى وقومه ، قيل : انظر إلى الأفق ، فإذا سواد يملأ الأفق ، ثم قيل لي : انظر ها هنا وها هنا في آفاق السماء ، فإذا سواد قد ملأ الأفق ، قيل : هذه أمتك ، ويدخل الجنة من هؤلاء سبعون ألفا بغير حساب " ثم دخل ولم يبين لهم ، فأفاض القوم ، وقالوا : نحن الذين آمنا بالله واتبعنا رسوله ، فنحن هم ، أو أولادنا الذين ولدوا في الإسلام ، فإنا ولدنا في الجاهلية ، فبلغ النبي صلى الله عليه وسلم فخرج ، فقال : " هم الذين لا يسترقون ، ولا يتطيرون ، ولا يكتوون ، وعلى ربهم يتوكلون " فقال عكاشة بن محصن : أمنهم أنا يا رسول الله ؟ قال : " نعم " فقام آخر فقال : أمنهم أنا ؟ قال : " سبقك بها عكاشة ")( فتح (١١/٤٠٥)).

واتە: ئوممەتەکانی ترم پیشان درا، پێغەمبەرێك و دووان هەبوون کە کۆمەڵێکیان لەگەڵدا بوو، وە پێغەمبەری واش هەبوو کە هیچ کەسی لەگەڵدا نەبوو، هەتا ڕەشاییەکی زۆرم پیشان درا، منیش وتم: ئەمە چییە؟ ئەمە ئوممەتی منە؟ وترا: ئەمە موسا وقەومەکەیەتی، وترا: سەیری ئاسۆی سەرەوە بکە، بینیم ڕەشاییەکی زۆری وەهابوو کە ئاسۆی هەموو گرتبووەوە، پاشان پێم وترا: سەیری ئەوێ وئەوێ بکە لە بەرزایی ئاسماندا، بینیم ڕەشاییەکی زۆرە کە ئاسمانی گرتووە، وترا: ئەمە ئوممەتەکەی تۆیە، وەلەنێو ئەوانەدا هەفتا هەزاریان بەبێ لێپرسینەوە دەرۆنە بەهەشتەوە.

پاشان هاتە ژوورەوە و بۆیانی ڕوون نەکردەوە کە ئەوانە کێن، خەڵکەکەش دەستیان بەقسەکردن کردبوو وتیان: ئەوانە ئێمەین چونکە باوەڕمان بە خوا هێناوە و شوێنی پێغەمبەرەکەی کەوتووین، یان منداڵەکانی ئێمەن کەبە موسڵمانی لەدایك دەبن، چونکە ئێمە لەجاهیلیدا لەدایك بووین، جا ئەم قسەوباسە گەیشتەوە بەپێغەمبەری خوا و ئەویش هات وفەرمووی: ئەوانە خەڵکانێکن کە ئەگەر

نەخۆشیش بکەون ئەوەندە تەوەکول و تەوحیدیان بەرزە تەنانەت داوا لەکەس ناکەن روقیەیان بۆ بکات و هیچ شتێك بەرەشبینی نابینن و لەکاتی بریندا کەوی ناکەن، وپشت بە پەروەردگاریان دەبەستن.

جا عوکاشەی کوڕی موحصن هەستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا من یەکێکم لەوانە؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ، یەکێکی تر هەستاو وتی: ئایا منیش یەکێکم لەوانە؟ ئەویش فەرمووی: عوکاشە لەوەدا پێشت کەوت.

وە بەصەحیحی هاتووە بەوەی کە خوای گەورە فەزڵێکی تری داوە بە پێغەمبەرەکەی ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ هەریەك لەو حەفتا هەزار کەسە حەفتا هەزاری تری لەگەڵدایە ،

پێشەوا ئەحمەد بە سەنەدێکی صەحیح لە ئەبی بەکرەوە ﵁ ریوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((أعطيت سبعين ألفا من أمتي يدخلون الجنة بغير حساب وجوههم كالقمر ليلة البدر وقلوبهم على قلب رجل واحد فاستزدت ربي فزادني مع كل واحد سبعين ألفا " )).

واتە: ئەوەم پێ بەخشراوە لەلایەن خواوە کە حەفتا هەزار کەس لە ئوممەتەکەم بەبێ لێپرسینەوە وسزا دەرۆنە بەهەشتەوە کە رومەتیان وەکو مانگی چواردە وەهایە ودڵیان لەسەر دڵی یەك کەس وەهایە، منیش بەردەوام داوام لەخوا دەکرد کە ژمارەیان زیاد بکات ئەوەبوو پەروەردگارم بۆ هەریەك لەوانە حەفتا هەزاری تری پێ بەخشیم.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد وترمزی وابن حبان ریوایەتیان کردووە لە ئەبی ئومامەوە بە سەنەدێکی صەحیح کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((" وعدني ربي سبحانه أن يدخل الجنة من أمتي سبعين ألفا ، لا حساب عليهم ، ولا عذاب ، مع كل ألف سبعون ألفا ، وثلاث حثيات من حثيات ربي عز وجل)) (صحيح الجامع (٦٩٨٨)) واتە: پەروەردگارم بەڵێنی پێ داوم کە حەفتا هەزار لە ئوممەتەکەم بەبێ لێپرسینەوە وسزا بخاتە بەهەشتەوە، ولەگەڵ هەر هەزار کەس حەفتا هەزاری تری لەگەڵدابێت، و سێ چنگ لە چنگەکانی پەروەردگاریشم.

## چوونه به‌هه‌شتی باوه‌ڕدارانی گوناهبار

## واته ده‌ركردنیان له دۆزه‌خ و بردنه ژووره‌وه‌یان بۆ به‌هه‌شت:

وه ئه‌وانه دۆزه‌خیه‌كانن: پێشه‌وا بوخاری ریوایه‌تی كردووه له عیمرانی كوڕی حوصه‌ینه‌وه كه ده‌ڵێت: پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی: (("يخرج قوم من النار بشفاعة محمد صلى الله عليه وسلم فيدخلون الجنة ، يسمون الجهنميين ")) (فتح (١١/٤١٨).

واته: خه‌ڵكانێك له ئاگر به تكا وشه‌فاعه‌تی پێغه‌مبه‌ر محمد ﷺ ده‌رده‌كرێن و ده‌خرێنه به‌هه‌شته‌وه و به دۆزه‌خیه‌كان ناوده‌برێـــن.

وه پێشه‌وا موسلمیش له جابره‌وه ریوایه‌تی كردووه كه ره‌فعی ده‌كات به‌م له‌فزه ده‌یگێڕێته‌وه: ( إن قوما يخرجون من النار يحترقون فيها ، إلا دارت وجوههم حتي يدخلون الجنة ). واته: خه‌ڵكانێك له ئاگر ده‌رده‌كرێن كه تێیدا سووتاون ته‌نها ده‌موچاویان نه‌بێت هه‌تا ده‌خرێنه به‌هه‌شته‌وه.

وه له صه‌حیحی موسلیمدا له جابره‌وه كه دیسان ره‌فعی ده‌كات و ده‌ڵێت: (ثم تحل الشفاعة ، ويشفعون حتى يخرج من النار من قال : لا إله إلا الله وكان في قلبه من الخير ما يزن شعيرة ، فيجعلون بفناء الجنة ، ويجعل أهل الجنة يرشون عليهم الماء حتى ينبتوا نبات الشيء في السيل ، ويذهب حراقه ، ثم يسأل حتى تجعل له الدنيا وعشرة أمثالها معها)) (مسلم باب أدنى أهل الجنة منزلة).

واته: پاشان شه‌فاعه‌ت وه‌رده‌گیرێت و شه‌فاعه‌ت ده‌كه‌ن هه‌تا ئه‌و كه‌سه‌ش له ئاگر ده‌رده‌كرێت كه وتویه‌تی: لا إله إلا الله و له‌دڵیدا به ئه‌ندازه‌ی كێشی جۆیه‌ك خێر هه‌یه، و ده‌خرێنه بۆشاییه‌ك له‌ناو به‌هه‌شتدا و ئه‌هلی به‌هه‌شتیش ئاویان به‌سه‌ردا ده‌پرژێـنن هه‌تا ده‌ڕوێـنه‌وه وه‌كو چۆن شتێك به‌هۆی لافاوه‌وه ده‌ڕوێته‌وه، وه شوێنه‌واری سوتاویه‌كه نامێنێت، پاشان داوا ده‌كات هه‌تا ئه‌وه‌نده‌ی دونیا و ده ئه‌ندازه‌ی ئه‌وه‌ی پێ ده‌به‌خشرێت.

## دواهەمین کەس کە دەڕواتە بەهەشتەوە:

هەریەك لە پێشەوا بوخاری وموسلیم لە أبی مسعودەوە گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( " إني لأعلم آخر أهل النار خروجا منها ، وآخر أهل الجنة دخولا ، رجل يخرج من النار كبوا ، فيقول الله : اذهب فادخل الجنة ، فيأتيها ، فيخيل إليه أنها ملأى ، فيرجع فيقول : يا رب وجدتها ملأى ، فيقول : اذهب فادخل الجنة ، فيأتيها فيخيل إليه أنها ملأى ، فيرجع فيقول : يا رب وجدتها ملأى ، فيقول : اذهب فادخل الجنة ، فإن لك مثل الدنيا وعشرة أمثالها – أو : إن لك مثل عشرة أمثال الدنيا – فيقول : تسخر مني – أو : تضحك مني – وأنت الملك " فلقد رأيت رسول الله صلى الله عليه وسلم ضحك حتى بدت نواجذه ، وكان يقول : " ذاك أدنى أهل الجنة منزلة ")( البخاري ومسلم)

واتە: من دەزانم دەربارەی دواهەمین کەس کەلە ئاگر دەردەکرێت و دواهەمین کەسیش کە دەخرێتە بەهەشتەوە، ئەوەش پیاوێکە کە بەخشکێ دەڕوات، خوای گەورە دەفەرموێت: بڕۆ بچۆرە ناو بەهەشتەوە، ئەویش دەروات بۆ لای بەهەشت و وادەزانێت کە پڕە وجێگا نەماوە، بۆیە دەگەڕێتەوە و دەڵێت: پەروەردگارم بینیم بەهەشت پـڕە، خوای گەورەش دەفەرموێت: برۆ بچۆرە ناو بەهەشتەوە، ئەویش دەروات و وادەزانێت کە پڕە و بۆیە دیسان دەگەڕێتەوە و دەڵێت: پەروەردگارم بینیم بەهەشت پڕە، خوای گەورە هەمدیس دەفەرموێت: برۆ بچۆرە ناویەو ئەوەندەی دونیا و دە ئەوەندەی ئەویشت بۆ هەیە، یان دە ئەوەندەی دونیا، ئەویش دەڵێت: گاڵتەم پێ دەکەیت – یان پێم پێ دەکەنیت- و لەکاتێکدا تۆ پاشایت." ئەبی مسعود دەڵێت: بینیم پێغەمبەری خوا ﷺ پێکەنی هەتا کاکیلەکانی دەرکەوت و دەیفەرموو: ئەوە خوارترین پلەی بەهەشتە".

## بەهەشت و ئەوەی تێیدایە بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە ولەناوناچێت

بەهەشت نەمانی بەسەردا نایەت و کۆتایی نایەت و ئەهلەکەشی بۆ هەمیشە دەمێننەوە، نەلێی دەڕۆن و نە دەمرن، خوای گەورە دەفەرموێت: (إن الذين آمنوا وعملوا الصالحات كانت لهم جنات الفردوس نزلا ، خالدين فيها لا يبغون عنها حولا)) الكهف (١٠٧) واتە: ئەوانەی کە باوەڕیان بە من هێناوە و پەیامبەرانم بەڕاست دەزانن و کردەوەی چاکە ئەنجام دەدەن ، بەرزترین و باشترینی شوێنی بەهەشتیان بۆ هەیە. بەهەتا هەتایی تێیدا دەمێننەوە ، وجێگۆڕکێیان تێیدا ناوێت ، لەبەر حەز وخۆشەویستیان بۆی .

پێشەوا موسلیم لە صەحیحەکەیدا بە مەرفوعی هێناویەتی: (ينادي مناد : إن لكم أن تصحوا فلا تسقموا أبدا ، وإن لكم أن تحيوا فلا تموتوا أبدا ، وإن لكم أن تشبوا فلا تهرموا أبدا ، وإن لكم أن تنعموا فلا تبأسوا أبدا " فذلك قوله عز وجل : ونودوا أن تلكم الجنة أورثتموها بما كنتم تعملون))

(مسلم رقم (٣٨٣٧)) .

واتە: لەبەهەشتدا بانگەرێك بانگ دەکات و دەڵێت: ئەی بەهەشتیەکان ئیتر ئێوە بۆ هەمیشە لەشساغ وتەندروستن و هەرگیز نەخۆش ناکەون، وە ئێوە بۆ هەمیشە زیندوون و چیتر نامرن، وە ئێوە بۆ هەمیشە گەنجن و هەرگیز پیرنابن، وە ئێوە بۆ هەمیشە لەخۆشیدان و چیتر تووشی ناخۆشی و ناڕەحەتی نایەن، ئەوەش فەرمایشتی خوای پەروەردگارە کە دەفەرموێت: ، وە خەڵکی بەهەشت بانگیان لێدەکرێت وەکو پیرۆزبایی و ڕێزلێنانێك : ئەو بەهەشتەی کە خوای پەروەردگار پێی بەخشین بەهۆی ڕەحمی خۆیەوە بوو ، وە بەوەی کە پێشتان خستووە لەباوەڕ وکردەوەی چاکەتان .

## سیفەتی بەهەشت :

بەهەشت شێوە و وێنەی نییە، خۆشیەکانی لەوەبەدەرە کە وەصف بکرێ وباسی لێوە بکرێت یان بهێنرێتە پێش چاو، لەزەت وچێژەکەی هاوشێوەی نییە ئەوەی کە ئەهلی دونیا دەیزانێت، وە هاوەڵان پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا کرد ﷺ دەربارەی بەهەشت ئەویش فەرمووی: (("لبنة من ذهب ولبنة من فضة ، ملاطها المسك الأذفر ، وحصباؤها الياقوت واللؤلؤ ، وترابها الزعفران ، من يدخلها يخلد فيها ينعم لا ييؤس ، لا يفنى شبابهم ، ولا تبلى ثيابهم)) (أحمد والترمذي ، قال الألباني صحيح بطرقه المشكاة (٣/٨٨).) واتە: خشتێکی لە زێڕە وخشتێکی لە زیوە، قوڕەکەی میسکی بۆنخۆشە، و زیـخەکەی یاقوت ولولوئە، خۆڵەکەی زەعفەرانە، ئەوەی بچێتە ناویەوە بۆ هەمیشە تێیدا دەمێنێتەوە وخۆشبەختە وهەرگیز ناخۆشی نابینێت، گەنجێتیەکەیان لەناو ناچێت، وجلوبەرگیان دانارزێت.

وە ئەوەی کە خوای گەورە لێمانی شاردۆتەوە سەبارەت بە خۆشی ونازو نیعمەتەکانی بەهەشت شتی زۆر گەورە و بەنرخە و عەقڵ پەی پێ نابات، چونکە لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبی هورەیرەوە کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (" أعددت لعبادي الصالحين ما لا عين رأت ، ولا أذن سمعت ، ولا خطر على قلب بشر ، فاقرءوا إن شئتم فلا تعلم نفس ما أخفي لهم من قرة أعين) واتە: شوێن وپاداشتێکم بۆ بەندە چاکەکانم ئامادەکردووە کە چاو نەیبینیوە و گوێ نەیبیستووە و بەدڵی هیچ مرۆڤێکیشدا نەهاتووە، ئەگەر ویستتان ئەو ئایەتە بخوێننەوە کە دەڵێت: فلا تعلم نفس ما أخفي لهم من قرة أعين) واتە: جا هەر بۆیە کەس نازانێت کە خوای پەروەردگار چی بۆ ئەو باوەڕداران ئامادەکردوە لەوەی کە چاوەکانی پێ گەشدەبێتەوە و دڵەکانیشی پێدەکرێنەوە و ئارام دەبن.

## دەرگاکانی بەهەشت:

خوای گەورە دەفەرمویێت: ((وَالْمَلَائِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِمْ مِنْ كُلِّ بَابٍ ، سَلَامٌ عَلَيْكُمْ بِمَا صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ)) الرعد (٢٣) واتە: و فریشتەکانیش لە هەموو دەرگایەکانەوە دەڕۆن بۆ لایان و سەردانیان دەکەن بۆ پیرۆزبایی لێکردنیان لەسەر چوونە بەهەشتیان . فریشتەکان پێیان دەڵێن : سەلامی خوای پەروەردگارتان لەسەر بێت ، کە سەلاوێکی تایبەتە بۆتان ، و پارێزراو بوون لە هەموو ئازار و نارەحەتیەك بە هۆی ئارامگریتانەوە لەسەر گوێڕایەڵی و خواپەرستی ، بەڕاستی باشترین شوێن و ئاسوودەترین جێگا بۆتان بەهەشتە.

## وە بەهەشت هەشت دەرگای هەیە:

لەهەردوو کتێبە صەحیحەکەی فەرموودەدا هاتووە لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( " للجنة ثمانية أبواب ، فمن كان من أهل الصلاة دعي من باب الصلاة ، ومن كان من أهل الجهاد دعي من باب الجهاد ، ومن كان من أهل الصيام دعي من باب الريان ، ومن كان من أهل الصدقة دعي من باب الصدقة " . قال أبو بكر : ما على من دعي من تلك الأبواب من ضرورة ، وهل يدعى أحد منها كلها ؟ فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم : " نعم ، وأرجو أن تكون منهم)) .

واتە: بەهەشت هەشت دەرگای هەیە، جا ئەوەی ئەهلی نوێژ بێت ئەوا لەدەرگای نوێژەوە بانگ دەکرێت، وە ئەوەی ئەهلی جیهاد بێت لە دەرگای جیهادەوە بانگ دەکرێت، وە ئەوەی ئەهلی رۆژو بێت لەدەرگای رەیانەوە بانگ دەکرێت، وە ئەوەیشی ئەهلی صەدەقە بێت لە دەرگای صەدەقەوە بانگ دەکرێت. أبوبكر ووتی: چ شتێك پێویستە لەسەر کەسێك بۆ ئەوەی لە هەموو دەرگاکانەوە بانگ بکرێت؟ وە ئایا کەس هەیە لە هەموو دەرگاکانەوە بانگ بکرێت؟ پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی: بەڵێ، وە ئومێد دەکەم تۆ لەوان بیت.

دیسان لە هەردوو کتێبە صەحیحەکەی فەرموودەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (والذي نفسي بيده ، إن ما بين المصراعين من مصاريع الجنة ، كما بين مكة وحمير – أو كما بين مكة وبصرى). واتە: سوێند بەو زاتەی کە گیانی منی بەدەستە نێوان دوو دەرگای بەهەشت وەکو دووری نێوان مەککە و حمیرە – یان وەکو دووری نێوان مەککە وبوصرایە.

وە پێشەوا ئەحمەد بە سەنەدێکی صەحیح بەم شێوەیە هێناویەتی: ( إن ما بين المصرعين في الجن مسيرة أربعين سنة . وليأتين عليه يوم ، وإنه لكظيظ )( وروي مسلم نحوه) واتە: نێوان دوو دەرگای بەهەشت بەئەندازەی ڕێکردنی چلساڵ وەهایە، وە ڕۆژێکی بەسەردا دێت کە قەرەباڵغە.

## پلەکانی بەهەشت:

بەهەشت پلە پلەیە وهەندێکی لەسەروی هەندێکی ترەوەیە، وە بەهەشتیەکانیش بەپێی پلەو شوێنەکانیان لەیەکتری باشترن وشکۆدارترن، خوای گەورە دەفەرموێت: ( ومن يأته مؤمنا قد عمل الصالحات فاولئك لهم الدرجات العلي )طه (٧٥). واتە: وە ئەوەشی بەباوەڕداری بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری و کردەوەی چاکی ئەنجام دابێت ئەوا شوێنی بەرز و مەنزڵگای مانەوەی هەتاهەتایی لەبەهەشتدا بۆ هەیە.

لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە ئەنەسەوە دەڵێت: أن أم حارثة أتت رسول الله صلى الله عليه وسلم ، وقد هلك حارثة يوم بدر ، أصابه غرب سهم ، فقالت : يا رسول الله ، قد علمت موقع حارثة من قلبي ، فإن كان في الجنة لم أبك عليه ، وإلا سوف ترى ما أصنع ؟ فقال لها : " هبلت ، أجنة واحدة هي ؟ إنها جنان كثيرة ، وإنه في الفردوس الأعلى) (فتح الباري (١١/٤١٨)) .

واتە: دايكی حارسە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی: حارسەی كوڕم لە جەنگی بەدردا تيرێكی بەركەوت وكوشتی وە ئەی پێغەمبەری خوا تۆ دەزانی ئەو لەدڵمدا چەند خۆشەويست بوو، جا ئەگەر لەبەهەشتدايە ئەوا ناگريم بۆی و ئەگەريش وەها نييە ئەوا دەبينی چی دەكەم؟ ئەويش پێی فەرموو: لەبارداِيكی چوو، ئايا ئەوە يەك بەهەشتە؟ بەڵــكو چەندين بەهەشتی زۆرە، و حارسەش لە فيردەوسی هەرەبەرزە.

لە هەردوو كتێبە صەحيحەكەی فەرموودەدا هاتووە لە ئەبی سەعيدەوە دەيگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتی: ((إن أهل الجنة يتراءون أهل الغرف من فوقهم ، كما يتراءون الكوكب الدري الغابر في الأفق ، من المشرق أو المغرب ، لتفاضل ما بينهم " قالوا يا رسول الله تلك منازل الأنبياء لا يبلغها غيرهم ، قال : " بلى والذي نفسي بيده ، رجال آمنوا بالله وصدقوا المرسلين)).( فتح (٦/٢٢٠)) .

واتە: بەهەشتيەكان دەڕواننە ئەوانەی لەسەرووی خۆيانەوەن لەبەهەشتدا، وەكو چۆن سەيری ئەستێرەی ئاسمان دەكەن لەرۆژهەلات و رۆژئاواوە، ئەو پلەبەرزيەش لەبەر جياوازی فەزڵ وچاكەی نێوانيانە، ئەوانيش وتيان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە پلە وشوێنی پێغەمبەرانە و تايبەتە بەئەوان و جگە لەوان پێی ناگەن؟ ئەويش فەرمووی: بەڵێ سوێند بەوەی كە نەفسی منی بەدەستە ئەوە پلەی كەسانێكە كە باوەڕيان بەخوای خۆيان هەبووە و پێغەمبەرانيان بەڕاست زانيووە .

## ڕووبارەکانی بەهەشت

خوای گەورە دەفەرموێت: (أولئك لهم جنات عدن تجري من تحتهم الأنهار )الكهف (٣١). واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بەهەشتگەلێکیان بۆ هەیە کە بۆ هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە ، لەژێر ژوور و خانووەکانیدا ئاوی پاك و سازگار دێت ودەچێت.

وە کەوسەریش یەکێکە لەڕووبارەکانی بەهەشت، لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە ئەنەسەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (("بينما أنا أسير في الجنة ، إذا أنا بنهر ، حافتاه قباب الدر المجوف ، قلت : ما هذا يا جبريل ؟ قال : هذا الكوثر ، الذي أعطاك ربك ، فإذا طينه – أو طيبه – مسك أذفر)). واتە: لەوکاتەی کە بەناو بەهەشتدا ڕێـم دەکرد، ڕێم کەوتە ڕووبارێك، کە لە هەردوو کەنارەکەیدا خێمەی لوئلوء بوو کەناوەوەی بەتاڵ بوو بۆ تێدا دانیشتن، جا منیش ووتم: ئەمە چییە ئەی جبریل؟ ئەویش ووتی: ئەمە کەوسەرە، ئەو ڕووبارەی کە پەروەردگارت پێی بەخشیوی، کە قوڕەکەی بریتی بوو لە میسکی زۆر بۆنخۆش.

وە پێشەوا ئەحمەدیش لە ئەنەسەوە ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (هو نهر أعطانيه الله في الجنة ترابها مسك أبيض من اللبن وأحلى من العسل يرده طائر أعناقها مثل أعناق الجزر). واتە: کەوسەر ئەو ڕووبارەیە کە خوای گەورە پێی بەخشیوم لە بەهەشتدا، خۆڵەکەی میسکێکە کەلە شیر سپیترە و لە هەنگوێن شیرینترە جۆرە باڵندەیەکی لێیە کە ملی وەکو ملی وشترە وەهایە.

وە ڕوبارەکانی بەهەشت تەنها پێك نەهاتوون لە ئـــاو، بەڵـکو ئاوی تێدایە و شیری تێدایە و مەی تێدایە و هەنگوێنی تێدایە، وەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ((مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ فِيهَا أَنْهَارٌ

مِنْ مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِنْ لَبَنٍ لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِنْ خَمْرٍ لَذَّةٍ لِلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِنْ عَسَلٍ مُصَفًّى) محمد (١٥) واتە: سیفەت و شێوەی ئەو بەهەشتەی کە خوای پەروەردگار پەیمانی بە بڕواداران داوە : چەندین ڕووباری گەورەی تێدایە لە ئاوی سازگاری نەگۆڕ ، و چەندین ڕووباری لە شیری تام نەگۆڕاو ، و چەندین ڕووباری شەراب کە بنۆشانی لەزەتی لـێ وەردەگرن ، و چەندەها ڕووباری هەنگوینی پاڵاوتەش کە پاڵاوتەکراوە لەوە خڵتە و شتانەی کە تێکەڵی دەبن.

## کۆشك و خێمەکانی بەهەشت

خوای گەورە فەرموویەتی: ( ومساكن طيبة في جنات عدن )التوبة (٧٢). واتە: ، لەگەڵ ئەوەشدا خانوو و جێگایەکی باش بیناکراو و ئاسوودەبەخش وکامەرانیان بۆ ئامادەکراوە.

هەریەك لە پێشەوا ئەحمەد و تیرمیزی وابن حبان گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إن في الجنة غرفا يرى ظاهرها من باطنها ، وباطنها من ظاهرها ، أعدها الله لمن أطعم الطعام ، وأفشى السلام ، وصلى بالليل والناس نيام).( صحيح الجامع (٢١١٦)) واتە: لە بەهەشتدا کۆمەڵە ژوورێـك هەن کە دەرەوەی لەناوەوەوە دیارە و ناوەوەشی لە دەرەوەوە دیارە، خوای گەورە ساز وئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی کە خواردن دەبەخشن وسەلام بلاّودەکەنەوە و بەشەو نوێژ دەکەن کاتێك خەڵکی خەوتووە.

پێشەوا موسلیم لە عبداللە ی کوڕی قەیسەوە گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إن للمؤمن في الجنة لخيمة من لؤلؤة واحدة مجوفة ، طولها ستون ميلا ، للمؤمن فيها أهلون ، يطوف عليهم المؤمن فلا يرى بعضهم بعضا "). واتە: باوەڕدار خێمەیەکی بۆ هەیە لەبەهەشتدا لە گەوهەر دروستکراوە و ناوبۆشە بۆ دانیشتن، کە درێژیەکەی شەست میلە، و باوەڕدار چەندین خێزانی هەیە تێیدا و بەسەر هەموویاندا دەگەڕێت و هیچیان یەکتری نابینن.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێ داوین کە چۆن کەسی باوەڕدار ماڵ و کۆشکی زیاتری دەستکەوێت لە بەهەشتدا، وەکو لە فەرموودەیەکی موتەواتیردا دەفەرموێت: ( من بنى مسجدا يبتغي وجه الله بنى الله له مثله في الجنة )( متفق عليه.) واتە: هەرکەسێك مزگەوتێك دروست بکات لەبەر خـوا ئەوا خوای گەورە ماڵێکی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکات.

لە صەحیحی موسلیم و لای پێشەوا ئەحمەد و هەرچوار پێشەواکەی فەرموودە جگە لە تیرمزی گێڕاویانەتەوە لە ئوم حەبیبەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((من صلى في اليوم والليلة إثنتي عشرة ركعة تطوعا ، بنى الله له بيتا في الجنة ).( صحيح الجامع (٦٢٣٤).) واتە: هەرکەسێك لە شەو ورۆژێکـدا دوازدە رکات نوێژی سوننەت بکـــات، ئەوا خوای گەورە لەبەهەشتدا ماڵێکی بۆ دروست دەکات.

## دار و درەخت و بەروبومەکانی بەهەشت:

دار ودرەختەکانی زۆرن و بەسوود وچاك و هەمەجۆرن، داری ترێ وخورما وهەنار و سیدر و مۆز وجگە لەوانەشی تێـدایە، خوای گەورە دەفەرموێـت: (فيهما من كل فاكهة زوجان ) الرحمن (٥٣) واتە: دیسان هەر لەم دوو باخەدا لە هەر جۆرە میوەیەك دوو شێوازی تێدایە .

خوای گەورە دەفەرموێـت: ( يدعون فيها بفاكهة كثيرة وشراب ) ص (٥) واتە: بە ئارەزووی خۆیان داوای جۆرەها میوە و خواردنەوە دەکەن لەوەی کە حەزیان لێیە . و ئەوەی چاویان پێی ئاسوودە دەبێت دەیبینن وبەرچاویان دەکەوێت .

وه دارەکانی بەهەشت هەمیشه بەروبوم بەخشن وەکو خوای گەوره دەفەرمویـت: ( أكلها دائم وظلها ) الرعد (٣٥) . واته: بەروبوم وبەرهەمه خۆشەکانی هەرگیز نابڕێنەوه و دواییان نایەت.

خوای گەوره دەفەرمویـت: ( وفاكهة كثيرة لا مقطوعة ولا ممنوعة ) الواقعة (٣٣-٣٤) واته: و میوەیەکی زۆری لەبن نەهاتووی نەبڕاوەدا ، که کەس ناتوانێت ڕێگرییان لێبکات.

هەروەها بەروبوم وبەرهەمی ئەو دارانه نزیك ونزمن بەجۆرێك که ئەهلی بەهەشت بەئاسانی دەستیان دەیگاتیٚ و خوای گەوره دەفەرمویـت: (وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا ) الانسان (١٤) واته: و دارەکانی بەهەشت لێیانەوه نزیکن سێبەریان بەسەریانەوەیه ، وه لێکردنەوەی میوەی دارەکانیشیان بۆ ئاسانکراوه .

وه دارێکی تێدایه پێی دەوترێت (طوبى) که درەختێکی گەورەیه و جلوبەرگی ئەهلی بەهەشتی لیٚ دروست دەکرێت، له موسنەدی پێشەوا ئەحمەد و صەحیحی ابن حباندا هاتووه له ئەبی سەعیدەوه که پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (طوبى شجرة في الجنة مسيرة مئة عام ثياب اهل الجنة تخرج من أكمامها ) (السلسلة الصحيحة (١٩٨٥)) واته: طوبى درەختێکه لەبەهەشتدا که بەرێکردنی سەدساڵ فراوانه و جلوبەرگی ئەهلی بەهەشت له توێکڵەکەیەوه دەردەچێـــــت.

قەدەی دارەکانی نێو بەهەشت له زێـڕه، وەکو پێشەوا تیرمزی وابن حبان وبەیهەقی به سەنەدێکی صەحیح دەیگێڕنەوه له ئەبوهورەیرەوه که پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (ما في الجنة شجرة إلا وساقها من ذهب ) .( صحيح الجامع الصغير (١٥٠/٥).) واته: هیچ دارێك نییه لەنێو بەهەشتدا ئیلا قەدەکەی له زێـڕه.

## جا چۆن کەسی باوەڕدار پشکی خۆی لەدارەکانی بەهەشت زیاد بکـــات؟

پێشەوا تیرمزی بە سەنەدێکی صەحیح دەیگێڕێتەوە لە أبی مسعودەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (" لقيت إبراهيم ليلة أسري بي فقال : يا محمد ، أقرئ أمتك مني السلام وأخبرهم أن الجنة طيبة التربة عذبة الماء ، وأنها قيعان ، وأن غراسها سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر) (صحيح الجامع الصغير رقم (٥٠٢٨)) واتە: ئەو شەوەی کە شەوڕەویم پێ کرا گەیشتم بە پێغەمبەر إبراهيم و وتی: ئەی محمد، سەلامی من بگەیەنە بە ئوممەتەکەت وپێیان ڕابگەیەنە کە بەهەشت خۆڵەکەی بۆنخۆش و چاکە و ئاوەکەی سازگارە، و خاکەکەی تەخت وڕێکە، و چاندنەکەی بریتیە لە سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر.

## سیفەتی ئەهلی بەهەشت:

بەهەشتیەکان لەسەر جوانترین وتەواوترین شێواز دەڕۆنە بەهەشتەوە، وەکو لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( فكل من يدخل الجنة على صورة آدم وطوله ستون ذراعا(مسلم رقم (٢٨٤١). واتە: هەموو ئەوانەی کە دەڕۆنە بەهەشتەوە لەسەر شێوەی ئادەمن و درێژیەکەی شەست باڵە.

دیسانەوە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (أخلاقهم علي خلق رجل واحد ، علي صورة أبيهم آدم ستون ذراعا في السماء ) (مسلم (٢٨٣٤). واتە: ڕەوشتیان لەسەر ڕەوشتی یەك كەس وایە، ولەسەر شێوەی ئادەمن شەست باڵ بەرزن.

وه له موسنه‌دی ئه‌حمه‌د وتیرمزیدا هاتووه كه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی: ( يدخل أهل الجنة جردا مردا كأنهم مكحلون ، أبناء ثلاث وثلاثين )( صحيح الجامع (٧٩٢٨) واته: به‌هه‌شتیه‌كان له‌شیان تووكی پێوه نییه و چاویان ره‌شتراوه و هه‌موو له‌ته‌مه‌نی سی وسیٚ ساڵیدان.

له‌هه‌ردوو كتێبه صه‌حیحه‌كه‌دا هاتووه كه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی: ( لا يبصقون ولا يمتخطون ولا يتغوطون ) ، ،اهل الجنة لا ينامون ففي الحديث ( النوم اخو الموت ولا ينام أهل الجنة) ( السلسلة الصحيحة (١٠٨٧)) واته: به‌هه‌شتیه‌كان تف ناكه‌ن و چڵمیان نییه و پیساییش ناكه‌ن.

وه‌هه‌روه‌ها ده‌فه‌رموێت: به‌هه‌شتیه‌كان ناخه‌ون چونكه خه‌و برای مردنه.

## خواردن وخواردنه‌وه‌ی به‌هه‌شتیه‌كان:

له‌به‌هه‌شتدا ئه‌وه‌ی كه نه‌فس حه‌زی لیٚ بكات تێیدا هه‌یه له خواردن و خواردنه‌وه وه‌كو خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێت: ( وفاكهة مما يتخيرون ولحم طير مما يشتهون ) . واته: وه هه‌ر ئه‌و لاوانه به جۆره‌ها میوه ـ له هه‌ر جۆرێك كه خۆیان هه‌ڵی ده‌بژێرن ـ به سه‌ریاندا ده‌گه‌ڕێن ، وه به گۆشتی په‌له‌وه‌ر له‌هه‌ر جۆرێك كه حه‌زی لێبكه‌ن وئاره‌زووی بكه‌ن .

وه هه‌موو خواردن وخواردنه‌وه‌یه‌كی به‌هه‌شتیه‌كان بۆیان حه‌ڵاڵه، وه‌كو خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێت: ( كلوا واشربوا هنيئا ) الحاقة (٢٤). واته: بخۆن و بخۆنه‌وه دوور له هه‌موو ئازارێك.

وه هه‌روه‌ها خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێت: (يطوف عليهم ولدان مخلدون بأكواب وأباريق وكأس من معين ) الواقعة (١٧). واته: كۆمه‌ڵێك لاو كه نه‌پیر ده‌بن و نه ده‌مرن به‌سه‌ریاندا ده‌سوڕێنه‌وه بۆ خزمه‌تكردنیان ، به په‌رداخ و سوراحی و پێكی پر له شه‌رابی چاوگی شه‌رابه رۆیشتووه‌كانی ناو به‌هه‌شته‌وه.

خواردن و خواردنەوەی بەهەشتییەکان پیسی لەگەڵ نییە ، و بۆیە ئارەق کردنەوە و قرِقێنەیان بۆنی میسکی لێ دێت.

پێشەوا موسلیم لە صەحیحەکەیدا بە ژمارە ٢٨٣٥ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (" إن أهل الجنة يأكلون فيها ويشربون ، ولا يتفلون ولا يبولون ولا يتغوطون ولا يمتخطون " قالوا : فما بال الطعام ؟ قال : " جشاء ورشح كرشح المسك ،) وفي البخاري ( ورشحهم المسك )( الفتح (٦/٣١٩)). واتە: بەهەشتیەکان لە بەهەشتدا دەخۆن و دەخۆنەوە و تف و میز وپیسی ناکەن و چڵمیان نییە. وترا: ئەی خواردنەکە چی لێ دێت؟ ئەویش فەرمووی: قرِقێنە وئارەق کردنە وەکو میسك. وەلەبوخاریدا هاتووە: ئارەق کردنەوەیان میسکە.

وە دەفری خواردن و خواردنەوەکەیان لە زێڕ و زیوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ( يطاف عليهم بصحاف من ذهب وأكواب ) الزخرف (٧١) واتە: ئەو باوەڕدارانەی کە باوەڕیان بە خوای پەروەردگار و پەیامبەرانی هێناوە و خراونەتە بەهەشتەوە خواردنیان بەسەردا دەگەڕێنرێت لەناو دەفری زێڕیندا ، وە هەر لەناو کوپی زێڕیشدا خواردنەوەیان بەسەردا دەگەڕێنرێت.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ( ويطاف عليهم بأنية من فضة وأكواب كانت قواريرا )) الانسان (١٥) واتە: وە خزمتکارەکان قاپ و قاچاغی زیوینی خواردن ، و پەرداخە شەرابی شوشەیی شوشەیەکی زیوینیان بەسەردا دەگێڕن.

## جلوبەرگ و خشڵ و بخوری بەهەشتیەکان :

بەهەشتیەکان بەنرخترین وبەبەهاترین جلوبەرگ دەپۆشن و بەجۆرەها خشڵی گرانبەها لە زێڕ و زیو وگەوهەر خۆیان دەڕازێننەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ( يحلون فيها من أساور من ذهب ولؤلؤا ولباسهم فيها حرير ) الحج (٢٣). واتە: و بەخشڵی زێڕ و مرواری دەڕازێنرێنەوە ، و جلوبەرگی ئاساییشیان ـ بە ژن و پیاوەوە ـ بریتیە لە ئاوریشم .

وە هەروەها دەفەرموێت : (عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُنْدُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ وَحُلُّوا أَسَاوِرَ مِنْ فِضَّةٍ وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا (٢١) إِنَّ هَذَا كَانَ لَكُمْ جَزَاءً وَكَانَ سَعْيُكُمْ مَشْكُورًا) الانسان (٢١). واتە: جەستە و لەشیان بە پۆشاکێك ڕازێنراوەتەوە ناوەوەی لە ئاوریشمی ناسکی سەوزە ، و ڕووەکەشەکەشی ئاورێشمێکی ئەستورە ، وە لە خشڵیش بەدەستبەنی زیو خۆیان دەڕازێننەوە ، وە لەسەروی ئەو ناز و نیعمەتانە پەروەردگاریان شەرابێکی پاك و پوختی خاوێنی پێ نۆشین کە نە پیسی و نەش پۆخڵی تێدایە . وە پێیان دەوترێت : ئەمەی کە بۆتان ئامادەکراوە لە بەرامبەر کردەوە چاکەکانتانە ، وە کار و کردەوەکانی دونیاتان جێگای ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بووە و وەرگیراوە .

پێشەوا بوخاری گێڕاویەتیەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: ( ، آنيتهم الذهب والفضة وأمشاطهم الذهب ومجامرهم الألوة وريحهم المسك)( الفتح (٣١٩/٦)) واتە: دەفرەکانیان زێڕ و زیوە وشانەکانیان زێڕە و بخوردانیان دار عودە و بۆنیان میسکە.

جلوبەرگ و خشڵیان تێك ناچێت و دانارزێت ولەناو ناچێت، لەفەرمووددا بەم شێوەیە هاتووە: (" من يدخل الجنة ينعم لا يبأس ، لا تبلى ثيابه ولا يفنى شبابه)( رواه مسلم ٢٨٣٦)) واتە: ئەوەی بچێتە بەهەشتەوە بۆ هەمیشە لەخۆشیدایە وهەرگیز بێزار نابێت، و جلوبەرگی دانارزێت وگەنجێتیەکەی تێك ناچێت.

## جێگە وڕاخەری بەهەشتیەکان:

راخەر و جێگە و شوێنی حەوانەوەی بەهەشتیەکان ئەم شتانەی تێدا بۆ ئامادەکراون کە خوای گەورە دەفەرموێت: ( فيها سرر مرفوعة وأكواب موضوعة ونمارق مصفوفة وزرابي مبثوثة ) واتە: جێگای دانیشتنی بەرز ، و پەرداخی دانراوی تێدایە ، و بۆ ئەوانە دانراوون کە دەیخۆنەوە ، سەرینی ڕیزکراویان بۆ هەیە ، کە یەك لە تەنیشت یەك دانراوون ، لەگەڵ ڕاخەری زۆری ڕاخراودا .

## ئافرەتانی ئەهلی بەهەشت:

هاوسەری کەسی باوەڕدار لەدونیادا دەبێتەوە بەهاوسەری لەبەهەشتیشدا ئەگەر باوەڕدار بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ( جنات عد يدخلونها ومن صلح من آبائهم وازواجهم وذرياتهم ) الرعد(٢٣) واتە: ئەو چارەنووسە باش و خۆشگوزەرانیە بریتیە لە بەهەشتی هەتاهەتایی کە تێیدا دەمێننەوە و دەرناکرێن و لێی دەرناچن ، و چاکەکارانیشیان لەگەڵدایە لە باوان و خێزان و نەوەکان لە کوڕان و کچان.

وە ئافرەت بۆ دواهەمین مێردێتی، بۆیە حوزەیفە بە هاوسەرەکەی ووت: ( إن شئت أن تكوني زوجتي في الجنة فلا تتزوجي بعدي فإن المرأة في الجنة لآخر أزواجها في الدنيا ) (السلسلة الصحيحة (١٢٨١).) واتە: ئەگەر بتەوێ لەبەهەشتیشدا هەر هاوسەری من بیت ئەوا لەدوای من هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوی تردا مەکە چونکە ئافرەت بۆ دواهەمین مێردێتی لە بەهەشتدا.

باشترین ئەو شتەی کە خوای گەورە دەیبەخشێت بەبەهەشتیەکان بریتیە لە ڕەزامەندی خواو وسەیرکردنیان بۆ خوای گەورە:

لە هەردوو کتێبە صەحیحەکەدا هاتووە لە أبی سەعیدەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:
( " إن الله تبارك وتعالى يقول لأهل الجنة : يا أهل الجنة ؟ فيقولون : لبيك ربنا وسعديك ، فيقول : هل رضيتم ؟ فيقولون : وما لنا لا نرضى وقد أعطيتنا ما لم تعط أحدا من خلقك ، فيقول : أنا أعطيكم أفضل من ذلك ، قالوا : يا رب ، وأي شيء أفضل من ذلك ؟ فيقول : أحل عليكم رضواني ، فلا أسخط عليكم بعده أبدا).

واتە: خوای گەورە بەبەهەشتیەکان دەفەرموێت: ئەی ئەهلی بەهەشت: ئەوانیش دەڵێت: لبيك ربنا وسعديك دەفەرموێت: ئایا رازی بوون؟ ئەوانیش دەڵێن: ئەی بۆچی رازی نەبین ئەوەندەت پێمان بەخشیوە کە بە هیچ دروستکراوێکی ترت نەبەخشیوە، ئەویش دەفەرموێت: وا من لەوە باشترتان پێ دەبەخشم، ئەوانیش دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان چی لەوە باشترە؟ ئەویش دەفەرموێت: ڕەزامەندی من بەشێوەیەك کە ئیتر هەرگیز لێتان توورە نابم.

لە صەحیحی موسلیم وتیرمزیدا هاتووە: کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( " إذا دخل أهل الجنة الجنة ، قال : يقول الله تبارك وتعالى : تريدون شيئا أزيدكم ؟ فيقولون : ألم تبيض وجوهنا ؟ ألم تدخلنا الجنة ، وتنجنا من النار ؟ قال : فيكشف الحجاب ، فما أعطوا شيئا أحب إليهم من النظر إلى ربهم عز وجل) واتە: کاتێك کە ئەهلی بەهەشت دەچنە بەهەشتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ئایا ناتانەوێ شتێکی زیاترتان پێ ببەخشم؟ ئەوانیش دەڵێن: ئەی مەگەر ڕوومانت سپی نەکردووە؟ و ئێمەت نەخستۆتە بەهەشتەوە و لە ئاگر رزگارمانت نەکردووە؟ ئەویش: پەردەی نێوان خۆی وخەڵکی لادەبات، جا بەهەشتیەکان هیچ شتێکیان ئەوەندەی تەماشاکردنیان بۆ خوای گەورە پێ خۆش نییە.

## دوا دوعایان:

دوای ئەوەی کە کەسی باوەڕدار تێپەڕدەبێت بەو هەموو کات و قۆناغە ناڕەحەت و گەورانەی قیامەتدا پاشان بەسەر پردی صیراتدا تێپەڕدەبن و تەماشای ئەو ناخۆشی و دیمەنە ترسناکانە دەکەن و دوای ئەوە خوای گەورە دەیانخاتە بەهەشتەوە ورزگاریان دەکات ئیتر خەم وخەفەتیان دەڕەوێتەوە ونامێنێت و بۆ دواجار دوعادەکەن و دەڵێت: (دعواهم فيها سبحانك اللهم وتحيتهم فيها سلام ،وآخر دعواهم أن الحمد لله رب العلمين )واتە: پاڕانەوەیان لە بەهەشتدا ( سبحان الله ) یە ـ واتە : پاکی و بێگەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگار ـ ، و سڵاوی خوای پەروەردگار و فریشستەکان بۆ ئەوان ، و سڵاوی هەندێکیان لە هەندێکی تریان سەلامکردنە ، و دوا پاڕانەوەشیان ئەوەیە کە دەڵێن : ( الحمد لله رب العالمين ) : واتە : شوکر وستایش بۆ ( الله ) دروستکاری دروستکراوەکان و پەروەردگاریان بە ناز و نیعمەتەکانی .

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com